## کوردستان له سەردەمی ئومەویدا( ٤١ك– ١٣٢ك/٦٦١–٧٤٩ز)

دەوڵەتی ئومەوی دامەزرا له دوای ئەوەی حەسەن کوری عەلی دەست بەرداری خلافەت بوو بۆ معاویەی کوری أبو سفیان به هەندێك مەرج که له نێوان معاویه و حەسەن واژۆکرا ، معاویه ابو سوفیان خۆی به دامەزرێنەری دەولەتی ئومەوی دادەنرێت ، بەڵام له رێرەوی خیلافەت لای دابوو به شیوەی به دەوڵەتێکی خێلەکی دەهاته بەرچاو،چونکه نەتەوەی عەرەبی فەرز کردبوو لەسەر نەتەوەکانی تر وه تیرەی ئومەویشی له هەموو تیره عەرەبیەکانی تر به پەسند تر دەزانی هەموو خزموو کەسانی خۆی له دەسەڵات نزیك کردبووەوه ، وەك والیەکان و سەرکردە عەسکەریەکان ، هەر له ژیاندا مابوو بەیعەتی بۆ یەزیدی کوری کرد که له پاش معاویه یەزید شوێن گرەوەی دەبێت ئەمەش بوە هۆی ئەوەی که خیلافەت نەمێنێت و سیستەمی دەولەتداری و پشتاو پشت بێتەکایەوە.

### بەشداری کورد له روداوەکانی سەردەمی ئومەوی

فەرمانرەوای دەوڵەتی ئومەوی که نزیکەی نەوەد سالی خایاند تەنها هەندێك ئاماژە لێره و لەویّ بەرچاو دەکەوێت که کورد چەندە رۆڵی هەبووه له لایەنگری و بەر هەڵستکاری دەوڵەتی ئومەوی .لەو کاتەی دەوڵەتی ئومەوی به سەر کوت کردنوو کپ کردنەوەی نەیارانیان خەریك بووینه وەك جم و جۆڵی خەوارج و عەلەویەکان ئەو کاته دەسەڵاتیان نەدەگەیشته ناوچه شاخاویەکان بۆیه کوردەکانیش له جم و جۆڵ دابووینه وەك یارمەتی دانی نەیارانی دەوڵتی ئومەوی له ناوچه کوردنیشینەکاندا. بۆیه مێژوو نوسانی عەرەبی که لایەنگرانی دەوڵەتی ئومەوی بوینه کوردیان به تێکدەرو رێگر و چەته ناو بردوه . سەردەمی خەلیفه عبدلملك کوری مەروان (٦٥–٨٦ك/٦٨٥–٧٠٥ز) به جەنگ و لەشکر کێش دەناسرێتەوه ، ساڵ نەبووه که یاخی بوون دژی عبدلملك رانەەیەنرێت، کوردەکان دەڤەری حەلوان هەلیان بو رەخسابو بکه زانیبویان عبدلملك بەکێشەی ناوەخۆوه خەریك بووه ، بۆیه کوردەکان رابەر بوون خۆیان فەرمانرەوای حەلوانیان گرتبوه دەست ، سەرکردە مختار کوری عوبەیدەی ثقفی له ساڵی ٦٦ك/ ٦٨٥ز چەند ناوچەیەکی له عێراق و جەزیرەو ناوچەکانی چیاکانی گرت والی خۆی بۆ هەرێمەکان نارد فەرمانی به سعد کوری حذیفەی یەمان کرد به لەشکرەوه بچێته حلوان و دژی کوردەکان بجەنگێت ، هەروەك له کتێبی (تاریخ الطبری ، تجارب الامم، الکامل ) دا هاتووه ,وا دیاره سعد نەی توانیوه شەری کوردان بکات و حلوان له دەستیان دەر بێنێت تا پاش ساڵی ٧٧ك / ٦٩٦ز حلوان به دەست کوردی ناوچەکه مایەوه ساڵی ٧٧ك (مطرف کوری مغیره) له دەوڵەتی ئومەوی هەڵگەرایەوه چوه رێزی خەوارج دژایەتی خەلیفه عبدلملك و حجاج کوری یوسف ی کرد که والی عێراق و سەرجەم ناوچەکانی رۆژهەڵات بووه ، رووی کردۆته شاری حلوان دژی کوردان جەنگاوه و گەلێکی لیّ کوشتوون کاتێك عبدالرحمان کوری الاشعث له ساڵی ٨٣ك–٨٥ك/٧٠٢ز–٧٠٤ز دژایەتی خۆی بۆ خەلافەتی ئومەوی رادەگەیەنێت و جولانەوەیەك رێك دەخات ، کوردەکانی هەرێمی چیاکان پشگیری بزوتنەوەکەی عبدالرەحمان کوری الاشعث یان کردوه، بەڵام حجج کوری یوسف به لەشکرێکەوه بەسەرپەرشتی عمر کوری هان ژمارەیەکی زۆری لیّ کوشتن .

جگە لەمە کوردەکانی هەرێمی فارسیش پشگیری خۆیان بۆ جولانەوەکەی عبدالرحمان کوری ا الاشعث راگەیاندبوو لە ساڵی ٨٣ك/ ٧٠٢ز لە دەوری کۆبونەوە وە بەرەنگاری سوپای حەجاج ببونەوە و سەرلەشکرەکەشیان بریندار کردبوو بۆیە ناچار بوون بکشێنەوە بۆیە حەجاج ئەم جارە یەکێك لە سەرکردەکان خزمی خۆی بە ناوی محمد کوری قاسم ثقفی ناردوە کردوویەتی بە والی فارسی پەیمانی پێدابوو کە شەری کوردەکان بکات و بیانکوژێت ، وادەر دەکەوێت کە حەجاج نەی توانیوە بەسەر کوردان ولاتی فارسی سەر بکەوێت , چونکە کوردەکان خۆیان نەداوە بە دەست بۆیە حەجاج ناچار بووە خۆی پەلاماری شاری شاپور بدات و ئەم شارەیان لەدەست دەربهێنێت لە ساڵی ٩٠ك/ ٧٠٩ز بەلاًم دیارە کوردەکان بەرگریان کردوە و ئەم شارەو کوردەکانی هەرێمی فارسی تا ساڵەکانی کۆتای دەوڵتی ئومەوی بالاًدەست بووینە بەسەر شاری شاپور و دەورو بەری.

سەردەمی عبدلملك کوری مەروان هەندێك بەرهەلستکاری بۆ پەیدابوو وەك عبداللەی کوری زوبەیر و گروپی ئەزارقە و جولانەوەی عبدالرحمن کوری الاشعث کوردەکان ورۆمەکان و پاشان ساسانیەکان مەترسیان هەبووە بۆسەر دەوڵەتی ئومەوی گەلێك شار و هەرێمیان لە دەست ئومەویەکان دەرهێنابوو.

پاش عبدلملك کورەکەی بە ناوی وەلید توانی پەلاماری شارەکانی رۆم و خوراسان بدات , زۆر شوێن لە دەستیان دەربێنێت تەنها کوردەکان نەبێت چونکە شوێنەکانیان سەخت بووە ئاسان نەبووە کە وەلید کوری عبدلملك لە دەستیان دەربێنێت .

سەردەمی خەلیفە هشام کوری عبدلملك ١٠٥ك–١٢٥ك/٧٢٣ز–٧٤٣ز لە کۆتای فەرمانرەواییەکەی دا یوسف کوری عبدالله پقفی کرد بە والی عێراق و خوراسان لەشکری ئامادە کردوو عبدالله ی کوری طارقبوو بە سەر لەشکر بۆ سەر کوردەکان ، دارا بجەردی نارد لە هەرێمی فارس وە توانی سەرکوتیان بکات تا بە دەستی کوردەکان کوژرا.

**دەرکەوتنی خەوارج و هەرێمە کورد نشینەکان**

خەوارج گروپێکی ئیسلامی بوون بە هۆی نا کۆکی نێوان معاویەی کوری ئەبوسفیان و عەلی کوری ئەبی تالب دەرکەوتن بە تایبەتیش لە جەنگی (صفین) لەسالی ٣٧ك/٦٥٧زکەسێکی زۆر لەم جەنگە شەهید بوون. ئەم گروپە جەنگەیان بە ناعەدالەت زانی ، ئەستۆی ئەم شەهیدانەیان خستە ئەستۆی خەلیفە عەلی و معاویە, وە ئەم گروپە لە لەشکری عەلی کوری ئەبی تالب دەرچوون ، تەکفیری هەردوو لایان دەکردە، دروشمی (لاحکم الا لله)یان بەرز کردبۆوە ، واتە حوکم نە حوکمی معاویە یە نە حوکمی عەلییە , ئەمانە بۆچونیان وا بوو کە دەبێت خەلیفەی موسلمانان بە راوێژ هەڵبژێردرێت نەك بە دیاری کردنی لە لایەن چەند کەسێك , هەموو مرۆڤەکان یەکسانن ئەوەی لەیەکیان جیا دەکاتەوە عبادە تە وەك خودا دەفەرمویت((ان اکرمکم عندالله اتقکم)) وە لە فەرمودەی خوشەویستیش هاتوە(( الانسان سواسیة کاسنان مشط)) وە بەهەمان مانا هاتوە ( لافرق لعربی علی الاعجمی الا بالتقوی)) واتە هەمو ئەمانە ئاماژەن کە مرۆڤەکان تەنها بە عبادە و تقوی لەیەك جیان ،نەك خەلیفە تەنها بۆ نەتەوەیەك بێت چونکە خوداش فەرمویەتی : ئەو کەسەی لای خودا بەرێزە کە تەقوای هەیە ، واتە پێویست ناکات خەلیفە لە لایەنێکی دیاری کراو بێت ، وەك عەرەب بێت یان قورەیش بێت ئەمانە لای خودا بە راست نەزانراوە ، بەڵکو پێویستە دەست پاکو لە خوا ترس و ئیمان دار بێت .

بۆچونی دروست نیه له نێوان خەوارج و له سەردەمی ئومەوی له نێو کورداندا بلاو بوبێتەوە .توێژەرێك بۆچونی وایه هاری کاری کوردەکان بۆ خەوارجەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە که ئەمە مەبەستی ئابووری له پشتەوە بووبێت ، بۆ ئەوەی خۆیان دەرباز بکەن لەو مولکانه و باج و سەرانەی داویانه به دەوڵەتی ئیسلامی ، رونترین نمونەش بۆ ئەمە بەشداری کردنی کوردەکانی ناوچەی لورستان بووە که له جولانەوەی ( الخریف بن الراشد الناجی ) له ساڵی ٣٨ك/٦٥٩ز کەله خەلیفە عەلی هەلگەرابوونەوە به هەزاران چەکداری هۆزەکەی روی کردبووە چیاکانی کوردستان و خوزستان خەڵکێکی زۆری کوردی لورستان له دەوری کۆ بوونەوە ئەوانیش ئەمانه بوون که نەیان دەویست مولکانه بدەن (الخریف بن الراشد ) بۆ پێشگرتن له سوپای ئومەوی قەلایەکی سەختی له چیاکانی ناوچەکه دروست کرد موسلمانەکان لایەنگرانی (الخریف بن الراشد ) یان به دزو رێگر وەسف کردوە. هەر وەك له کتێبی (تاریخ الرسل والملوك ) باسی کردوە دەڵێت لەشکری ئومەوی له شەری ( رامهور مەزدا) سێ سەد کەسیان له علوج و کوردەکان کوشتووە .

کاتێك خەوارجەکان روو له شارەزوورو دەڤەرەکه دەکەن کوردەکانی ئەم ناوچانه هاری کاریان دەکەن ، وادیارە ئەم کوردانه پشتیوانی دەسەلاتدارانی ئومەوی نەبوونە، بۆیه نەیارانی دەوڵەتی ئومەوی له کوردستان خۆیان حەشار دابوو ئەمه له لایەك لەلایەکی تر دوور بوونه له پێگەی دەسەلاتی ئومەوی که دیمەشق بووە چونکه ناوچەی کورد نشینەکان –شاخاویەکان پێگەیەکی گرنگ بووە بۆ خۆحەشاردانەوەو وە درێژە به جولانوەکەیان بدەن بەر لەوەی سەرکردەکەیان (عبدالله بن واهب الراسبی) بکوژرێت لو ساڵی ٣٨ك– ٦٥٩ز له ماڵەکەی خۆی بیرۆکەی عەشاردانی بۆ خەوارجەکان رونکردبۆوە که باشترین شوێن ناوچه شاخاویەکانه ، وا باشه له کوفه دەربچن ، هەروەك (الطبري وابن الاثیر) ئاماژەیان پێکردوە ، یەکێك له سەرکردەی خەوارجەکان بەناوی (ابو مریم السعدی) له سالی ٣٨ك/٦٥٩ز جیا بوونەوەی خۆی له خەلیفه عەلی راگەیاند و هەلات بۆ شارەزوور چوو ،خەڵکی ناوچەکه له دەوری کۆ بوونەوە زۆرینەیان عەرەب بووینه هەروەك ابن الاپیرئاماژە دەکات که تەنها خۆی و( ٦ ) عەرەب بوینه ئەوانی تری بزافەکه غەیری عەرەب بوینه .

فروه بن نوفل الاشجعی یه کێکی تر بوە له خەوارجه کان له سەرکردەی خەوارجەکان ، بەلام ئەمه شەری خەلیفه عەلی به رەوا نەدەزانی بۆیه له عبدالله الراسبی جیا بۆتەوە به پێنسەد سوارەوە روی کردۆته (مەندەلی و حەلوان) له شارەزوور گۆشەگیر بووە ، زەویانەی ئەم ناوچانەی کۆکردۆتەوەو به سەر هەڤالانی دابەش کردوە ، لەو ماوەیەدا ژمارەی چەکدارەکانی گەیشتۆته ١٥٠٠ کەس، دوای شەهید کردنی خەلیفه عەلی گەراوەتەوە کوفەو لەو شارە کوژراوە . له سالی ٥٢ك/٦٧٢ز زیاد بن العجری به سێسەد کەسەوە وەك جولانەوە له باشوری عێراق دەرکەوتن لەدینەوەرو نەهاوەند ) که ئەو ناوچەیەش سەر به هەرێمی چیاکان بووە والی بەسرا لەشکرێکی ناردۆته سەری جولانەوەکەی له ناو بردووە .( صالح بن مسرح التمیمی ) کەسایەتیەکی دیندار و له خوا ترس و چاك ساز بووە له ئەنجامی ستەم کاری ئومەویەکان خەلکی کۆ کردۆتەوە و داوای له لایەنگران کردوە کەوا له زوڵم و ستەم کاری ئومەویەکان بێدەنگ نەبن . له سالی ٧٦ك / ٦٩٥ز به ١٢٠ کەسێکەوە له شاری موصل و دارا و جەزیره وەك بزوتنەوە دەرکەوتن

خەڵکێکی زۆر لەدەوری کۆ بوتەوە تا بویتە یەکێك لە سەرکردە بە هێزەکانی خەوارج لە ناوچەی جەزیرەو شارەزوور ، لە ئەنجامی شەڕێکدا لەگەل سوپای ئومەوی دەکوژرێ ،( شەبیب بن یەزیدالخارجی) شوێنی دەگرێتەوە ئەویش وەك سەرکردەیەکی بە توانا گەلێك شوێنی کردبووە گۆرەپانی چالاکیەکانی وەك گوند و چیا و دەشتەکانی جەزیرەو شارەزورو داقوق و خانەقین و ئازربیجان وا دیارە خەوارجەکان هەولیان نەداوە تەنها یەك شوێن بکەن بە مۆلگەی خۆیان بەلکو بەشێوەی گروپ گروپ چالاکیان ئەنجام داوە , ئەو سەرکردەیە سەرکەوتوو بووە ، لە ماوەی چالاکیەکانی توانیبووی کە (مطرف بن المغیرة) بۆ لای خۆی رابکێشێت کە والی (المدائن) بووە ، ببێت بە خەوارج ، ئەویش لە مداین بە ناوی خەوارج دەرکەوت و خۆی گەیاندە شاری حلوان و هەمەدان .

لە سالی ١٢٦ك/٧٤٢ز سعید بن بجدل لە شارۆچکەی کفر توسای سەر بە شاری موصل جولانەوەیەکی راگەیاند بەرەو جەزیرەی بۆتان چوو دوایش گەیشتە ناوچەی مێرگ کە دەکەوێتە باشوری شاری موصل لەوێوە گەمارۆی شاری موصل ی داوە ، بەلام دیارە نەی توانیوە دەست بە سەر موسڵ دا بگرێت بۆیە بەرەو شارەزوور رۆشتووە و ژمارەی چەکدارانی دەگەشتە چوار هەزار کەسی .

دوای سالیك سعد کوری بجدل بە نەخۆشی لارەشە لەشارەزور مردووە ، لایەنگران بەیعەتیان دا بە ( ضحاك بن قیس الشیباني) ئەویش شارەزوری کرد بە بنکەی چالاکیەکانی وە لو شوێنە مایەوە ، لە هەموو لایەك لایەنگرانی خۆیان گەیاندە شارەزوورتا ژمارەیان زیادی کرد ، بوون بە چوار هەزار کەسی ، ژمارەیەکی زۆر لە دەوری ئەم سەرکردەیە کۆ بونەتەوە ، وا دیارە ئەمەش نیشانەی بەهێزی و بە توانایی ئەم سەرکردەیە پێشان دەدات،چالاکی ئەمانە تا سالی ١٢٨ك/٧٤٦ز بەردەوام بووە ، هەروەك لە یەعقوبی تەبەری باسیان کردوە .

پاش ئەوەی هەردوو سەرکردە (ضحاك کوری قیس)(خە یري خارجي) دەکوژرێن لەنێوان سالآنی ١٢٨-١٢٩ك خەوارجەکان یەکێکی تریان وەك سەرکردە هەڵبژارد بە ناوی (شیبان بن عبداعزیز الیشکری) ئەویش لە ژێر فشاری ئومەویەکانی مصر و جەزیرە هەلآت و چووە شارەزوور ، لە ناوچەکانی دینەوەر و نەهاوەند و شارەزوور وماسبە تان تەرادانێی دەکرد ، لەو کاتەی کە ( منصور بن جمهور) والی عێراق بووە دەستی گرتبوو بەسەر حلوان و دینەوەر و نەهاوەند و هەرێمی چیاکان لەوێوە هاوکاری (شیبان الیشکری) دەکرد .لە لایەکی ترەوە (بسطام بن اللیث) اعلانی یاخی بوونی خۆی کرد لە هەرێمی ئازەربێجان ، لەوێشەوە والی ئومەویەکانی کوشت ، کە سەر بە خەوارجی (البهیسیة) بووە .لە سالّی ١٢٧ك/ ٧٤٥ز عبداللەی کوری معاویە لە دەولّەتی ئومەوی هەلگەرایەوە کوفەی بەجێهێشت و چوو بۆ مەدائن ، خەلك لەدەوری کۆبونەوە تا وای لێ هات هەندێك لە خەلّکی کوفە بەیعەتیان بۆ کۆکردەوە ، لە ئەنجامدا دەستی گرت بەسەر حلوان و نەهاوەند و هەمەدان ، هەروەك (الطبري) لە مێژوەکەی باسی کردوە.